# تورەییتان ئەخۆم گەنجانی هەڵەبجە.

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

تەنها ئێوە راست ئەکەن ئەی گەنجانی شارە هەمیشە تەنهاکەم، ئێوە داهاتووی شارو جڵەوگیری مێژووی هەڵەبجەن، ئێوە نوسەری بە هەڵوێست و نوسەرەوەی تەئریخی شەهامەت و سەرمایە رەمزیەکەی هەڵەبجەن تورەییتان مانای قوڵی شەرعیەت و مانای کارەساتباری و بێکەسی هەڵەبجە ئەگەیەنێت، دڵنیا بن ئێوە تەنها نین...

(**کەس بۆی نیە بەناوی هەڵەبجەوە بریار بدات**) ئەمە بەیاننامەی نەوەیەکی گەنج و تورەو سەرچڵ و خوێنگەرم و هەڵوێستدیدە بوو کە دەستەیەك لە گەنجانی رۆشنبیر ئاراستەی میدیاو رای گشتی کوردستانی و عێراقیان کرد تا عەلی کیمیایی بکوژ لە خاکی خۆیان و لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێ و تۆڵەی هەموو ئازارەکانی لێبکرێتەوە، بۆیە پێم باش بوو منیش هەڵوێستەیەك لەسەر ئەو بەیاننامەیە بکەم تا پشکێك لە تورەیی ئەوانم بەربکەوێت و هێند دەسەڵاتی کوردییش وا نەزانێت تەنها پیرە سیاسیەکان قسەزان و خاوەن ئەزمون و بە حیکمەتن، نەخێر ئێستا گەنجیشمان هەیە باش باش ئەو دۆخە سیاسی و کەین و بەینە تراژیدی و نهێنیانە ئەخوێنێتەوەو شرۆڤەیان ئەکات و هەڵوێستی لەبارەوە وەر ئەگرێت،جوانترین دێری ناو ئەم بەیاننامەیە ئەوەبوو کە نوسرابوو:

(**ئەم تۆڵەیەش تۆڵەی تاکەکەس نییە و کەس خاوەنی نییە نەتەوەیەك نەبێ و تۆڵە لە کەسێکیش ناکرێتەوە کەلتوور و نیزامێکی دیکتاتۆر نەبێ**) بەراستی ئەم چەند دەستەواژە سەنگین و بە حیکمەت و ووردبینە ئەگەر گەنجانی هەڵەبجە نەیانکردایە و سیاسیەك بیکردایە دڵنیام ئەبووە مادەو کەرەستەی نوسینی دەیان ووتارو لێکدانەوەی سیاسی و رۆشنبیریی، هەر واشە بریار بۆ هێنان یان نەهێنانی عەلی کیمیایی بکوژو جەللاد تەنها بۆ هەڵەبجەییەکانە و تکایە با کەس هەڵوێستی چەوری پێوە نەخوات و خۆی لێ بببێتە سیکولارو لێبوردەو فریشتە وەك لە لایەن هەندێ نوسەری بێ هەڵوێستەوە بەدی ئەکەین؟! تۆڵە لەو بکوژە لە ناو هەڵەبجەدا تۆڵەیەکی خێڵەکی و دەمارگیرانەو نەزانانە نییە وەك هەندێك نوسەری فیکر موعەللەب!! تەفسیری نالۆژیکی بۆ ئەکەن، ئەوەندەی تۆڵەو رۆحێکی هۆشیارانەی نەتەوەیی و جەماعیانەی نەتەوەی کوردەو تۆڵەیە لە کەلتورو نیزامێکی سامناك کە 35 ساڵ عیراقی دوچاری نەهامەتی و سامناکی کردبوەوە، ئەم بەیاننامەیەی گەنجانی هەڵەبجە بەو تورە بوونە جوان و بەو فەنتازیا شۆرشگێرییە و بەو لیاقەتە حەماسیە مایەی شانازییە بۆ نەتەوەی کورد کە نەوەیەکی هۆشیاری وای هەیە کە رازی نابێت مێژووی کارەساتەکانی هەر پربن لە پاڵەوان و قارەمانی کوژراوو لە سومبول و قوربانی و لە خوێن و تراژیدیا بەبێ ئەوەی تۆڵەیەکی پیرۆزو سزایەکی عادیلانەی تێدابێت، ئەم تۆڵەیە تۆڵەیە لە سیستم لە فاشیزم لە عروبەیەکی کوێر کە 35 ساڵ هەڵەبجەو کوردستانی رەتاند، لێرەدا ئەم پرسە تەواو پرسێکی کوردی و هەڵەبجەییانەیەو هیچ میانەیەکی نییە لەگەڵ پرسی نەبوونی تەساموح و ئاشتی و گڵاوکردنی خاکی نیشتیمان، بگرە ئەو تۆڵەیە تۆڵەیەکی شاریانەو عەقلانیانەیە بە ئاراستەی سیستماتیککردنی یاساو دەسەڵاتی دادوەریدا تا ئیدی بۆ هیچ دیکتاتۆرێکی خۆسەپێن نەبێت بیر لە جینۆساید یان پاکتاوی رەگەزی بکاتەوە، ئەم سێدارەیە تەواو نیشتیمان و مێژووی هەڵەبجە رەنگینتر ئەکات کە چەند گەلێکی زیندوی هۆشیارو تورەیە بەدوای مافەکانیدا، ئەوەی کە دەیەوێت بە کەیسی هەڵەبجەوە دەرسی تەساموح بلێتەوە و هەڵوێستی ناهەڵوێستی بفرۆشێ بە تەحەدداوە با بێت خەستەخانەیەك دروست بکات لە هەڵەبجە؟ یان بەسەرۆکەکەی بڵێ بەراست سەرۆك کوا بەڵێنەکانتان بۆ هەڵەبجە؟ ئەو بەناو نوسەرانەی کە نایانەوێت عەلی کیمیایی ببرێتە هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەی کە نەژیاون لەو شارەو هەست بە ئازارەکانیشی ناکەن، هەمانکات ناشزانن چەمکی جەللادو قوربانی چییە و تێش ناگەم بۆچی تێکەڵیان کردووە بە چەمکی خێڵ و تۆڵە؟ ئەی دادگاو سزاو چەمکی دادوەری لە کوێدا جێ ئەکەنەوە؟ ئەی هەڵەبجە دوای سەدام و عەلی کیمیایی تۆڵەی خۆی لە کێ بستێنێ و هانا بۆ کێ بەرێت، فایلە تۆزلێ نیشتووەکانی بەغداو هەولێرو سلێمانی؟ ئێستا وێستگەیەك هاتۆتە پێش و جارێکی دیکە کەیسی هەڵەبجە خراوەتەوە بەرباس و دەوڵەتی عیراقیش وەئاگا هاتۆتەوە و جیهانیش ئاگاداری ئەم پرسەن، کەچی خەریکە هەندێ خەڵکی نا هوشیارو هەڵوێستلەق و بیرکول، شتەکان ئاوەژوو بکەنەوە، فەرموون گەر بڕوا بە نوسینەکانی ئێمە ناکەن، گەر واقیعتان بۆ ناخوێنرێتەوەو تەفسیری دۆخەکانتان بۆ ناکرێ، تەنها وورد بنەوە لەو بەیاننامەیەی گەنجانی رۆشنبیر لە قوڵایی دڵی دایکە هەڵەبجەوە، بزانن چۆن بەرگری لەو دەستکەوتە ئەکەن، بەراستی من بەش بەحاڵی خۆم ئەم توورەییەی گەنجانی شارەکەم ئەنۆشم و حەماسەتیان ئەگرمە باوەش.



**تووڕەیی گەنجانی هەڵەبجە لە یەکێك لە خۆپیشاندانەکاندا**



**سوتانی مینۆمێنتی هەڵەبجە بەدەستی گەنجە تووڕەکانی شار!**



لێرەو لەم خاکەدا پەتی سێدارەی بۆ هەڵخەن، هەمووومان ئەبینە پەتی سێدارە